## «فەرهەنگی زارەکیی موکریان»:

## هەوڵێکی مرۆڤناسانە بۆ زیندووکردنەوەی زمان و شوناس

دکتور ئەحمەد محەمەدپوور – مامۆستای مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی

زانکۆی ماساچۆسێت، ئەمهێرست

هەموو دەوڵەت-نەتەوە ناسیۆنالیستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بنەمای گوتارێکی هەمەکی، پڕایمۆردیاڵ و تاقانەی زمانی کۆمەڵەی ئەتنیکی زاڵ پێکهاتوون. تێگەیشتن لەم بابەتە زۆر ئەستەم نییە؛ چاوخشاندنێک بە یاسای بنەڕەتیی ئەم دەوڵەتانە بەڕوونی پێداگریی ئەمان لەسەر زمانی فەرمی و وەپەراوێزخستن یان نکۆڵیی زمانەکانی دیکە پێشان دەدات. لەڕاستیدا زمانی ئێتنیکی زاڵ کۆڵەکەی دیوەخانی گوتاری ناسیۆنالیستیی کۆمەڵە ئیتنیکیيە زاڵەکانە. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، لەنێوان هەموو ناسیۆنالیسمەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ناسیۆنالیزمی ئێرانی سەلماندوویەتی کە زیاتر لە هەموو ناسیۆنالیزمە دراوسێکانی خۆی زیاتر لەسەر زمانی فەرمی داکۆکی دەکات و مەیلی هەڵاواردن و سنووردارکردنی زمانەکانی دیکەی زیاترە. بۆ نموونە بە بەراورد لەگەڵ ناسیۆنالیسمی تورکی، کە بێ گومان مێژوویەکی تاریک و دوورودرێژی لە سەرکوت و جینۆسایدی ئەرمەنییەکان و کورد هەیە و تەنانەت کاریگەریی لەسەر گوتاری نازیسمی سەرەتایی لە ئەڵمانی ساڵانی ١٩٢٠-١٩٣٠یش هەبووە[1]، هیچ چەشنە نەرمی و ئیمکانێکی بۆ پێکەوەژیان یان دان پێدا نان بە غەیر یان ئەویتری ئەتنیکی و زمانی تێدا نییە. ئەم ناسیۆنالیزمە هیچ کات نە ڕەزامەندی لەسەر پێکەوەژیان لەگەڵ ئەوانیتر هەبووە و نە تەنیا بە یەکچەشن کردنی کەلتووری و زمانیی ئەوان ڕازی دەبێ. لە ڕوانگەی ئەم ناسیۆنالیزمەوە، ئەویتر نەک هەر دەبێ ئاسیمیلە و باپتیزە (غوسلی کەلتووری و زمانی) بکرێ، بەڵکوو دەبێ بەشێوەیەکی تەواو و پاوانکراو ببێتە موڵکی سوژەی زاڵیش. هەروەک لە درێژەدا ئاماژەی پێدەدەم، دەبێ لە ڕەوتە ڕووناکبیری و سیاسییەکانی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە چاوگەکانی وەها گوتارێکی تۆتالیتێر بگەڕێین کە لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بە دورشمی «یەک زمان، یەک نەتەوە، و یەک وڵات» بووە هۆی سەرهەڵدانی دەوڵەتی پاڵەوی.

ناسیۆنالیزمی زاڵ لە ئێران تەنیا گوتارێکی زمانی، مێژووی و ئایینی نییە، بەڵکوو بەبەراورد لەگەڵ ناسیۆنالیسمی عەرەبی و تورکی، بەشێوەیەکی ڕێزپەڕانە سرووشتێکی جەستەیی و بایۆلۆژیکیشی هەیە. نموونەی بەرچاوی ئەم گوتارە هەڵوێستی ناسیۆنالیستە دەوڵەتییەکانە بەرانبەر بە تورکەکان کە سەرەڕای وێکچوونی ئایینی لەگەڵ کۆمەڵەی ئیتنیکی زاڵ، هەمیشە بە شەرت و مەرج لە هەندێک بۆنەدا لە چوارچێوەی «شوناسی ئێرانی»دا جێ دەگرن و یان ئەو عەرەبانەی کە هەندێ ناسیۆنالیستی وەک «ناسح

1 Ihrig, Stefan (2014), Atatürk in the Nazi Imagination, Belknap Press: An Imprint of Harvard University Press

ناتق» بەڕاشکاوی بە نائێرانی و میوان ناویان دەهێنێ[2]. دەتوانین نموونەی ئەم تایبەتمەندی‌یانە، یانی سرووشتی زمانی-کەلتووری و بایۆلۆژیکیی ناسیۆنالیزمی زاڵ، تەنیا لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمی کلاسیکی بریتانیا، ئیسپانیا، و کۆلۆنیالیزمەکانی دیکەی سەدەی شانزدە تا سەدەی نۆزدەهەمی زایینی بدۆزینەوە کە لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی ڕەگەزپەرەستانە لە پەرەسەندینی زمانی، کەلتووری و جەستەیی لە کۆمەڵگا مرۆی‌یەکان دامەزرابوون و مرۆڤی ئەورووپی‌یان پێ مرۆڤی ستاندارد و نۆرماڵی چەشنێکی کەلتووری-زمانی و جەستەیی ئایدیالی مرۆڤ دەناساند. دەبێ ئاماژە بەوەیش بکرێ کە تایبەتمەندێتیی بایۆلۆژیکیی ناسیۆنالیزمی زاڵی ئێران بەرانبەر بە ناسیۆنالیزمە دراوسێکانی خۆی زۆر کەمتر وەبەرچاو گیراوە. پێک-گەیشتن و گرێدراویی نێوان تایبەتمەندی‌یە بایۆلۆژی‌یەکانی ناسیۆنالیزمی زاڵ، سووژەی فارسی ڕەسەن و خالیس، نەوەک غەیری فارسی‌ئاخێوی باش، لەگەڵ ئێکۆلۆژی و ئەو ژینگەیەی کە وا دەزاندرێ کە «شوناسی نەتەوەیی» لەوێدا لەدایک دەبێ و پەرە دەستێنێ، ئەم چەشنە گوتاری‌یەی ئاڵۆزتر کردووە. گێرانەوەکانی ناسیۆناڵیسمی زاڵ تەنیا لەلایەنی گوتاری و کەلتووری – زمانی‌یەوە سێنترالیست نین، بەڵکوو لەباری ئێکۆلۆژیش بەتووندی سێنترالیستن. لەم چەشنە پۆلێن‌بەندی‌یە شوێنی‌یەدا، «ناوەند» هەمیشە نیشتمان‌پەروەر، ناسیۆنالیست، یەکێتی‌خواز، پێشکەوتووخواز، و خاڵی وەرچەرخانی شوناسی مێژویی-کەلتووری‌یە و «پەراوێز» بەردەوام ئەتنیکی و ئەتنیک‌لێدراو، جودایی‌خواز، و دواکەوتوو پێناسە دەکرێ.

لە گوتاری ناسیۆنالیستیی زاڵدا زمان، کات، شوێن، و گوتار بەشێوەیەکی توندوتۆڵ بۆ لەدایکبوونی شوناسێکی هەمەکی، پرایمۆڵدیاڵ و هەمیشەیی و پیرۆز و دیاری‌کراو پەیوەندییان پێکەوە هەیە و یەکتر کامڵ دەکەن. ڕەهەندی شیعیی ناسیۆناڵیزمی فارسی لەگەڵ شۆڕشی ١٣٥٧ ڕەهەندێکی تۆختر بەخۆیەوە دەگرێ، بەڵام دەبێ ئەم گوتارە وەک هەمەکێک، وەک پەکەیجێک، ئایدیۆلۆژیایەکی هەمەکی و زاتگەرا لەبەرچاو بگیرێ کە تێی‌دا شارۆمەند یان سووژەی نۆرماڵ، هاوسەنگ و عەقڵانی نەک هەر بە زمانی فەرمی قسە دەکات، بەڵکوو لە ناوەندیش دەژی و تەنانەت هەندێ تایبەتمەندیی بایۆلۆژی و جەستەیی تایبەت بەخۆیشی هەیە: یانی خودی جەستە دەبێتە شوێن یان وێناکەری حاکیمەییەت یان «جەستەی زاڵ». لەڕاستی‌دا، سووژەی زاڵ دەبێ لە باری جەستەیی و ڕواڵەتیشەوە لە «ئەوانی‌تری وەپەراوێزخراو و بەکەمینەکراو» (بۆ نموونە سەیری زنجیرەی نون.خ بکە) بێ. لە زەینی ناسیۆناڵیستی زاڵدا، ئەم ئەوانی‌تری لۆکاڵی و پەرەنەسەندوو ڕواڵەتێکی ماسولەکی، نەریتی، بە جلوبەرگی خۆجێی و گوندەکی‌یان هەیە و نامۆییان لەگەڵ کەلتووری مۆدێرن لە ڕوخسار و زمانیانڕا دەردەکەوێ و لە هەموو دۆخێکدا، لە بچووکترین کاروباری ژیانی ڕۆژانەوە بگرە هەتا ئاستە درشتەکانی وەکوو لایەنە کەلتووری و سیاسی‌یەکان، هۆگری و ئینتیمای خۆیان بۆ کەلتووری سەردەست و «نەتەوەیی» پێشان بدەن. لەگەڵ ئەوەیشدا کە شوناسی تاقانەی ناسیۆنالیسمی زاڵ لە بنەڕەتدا بوونێکی دەرەکی و وێکچووی نییە، بەڵام وەکوو کۆلۆنیالیستە کلاسیکەکان توانیویەتی بە پشتبەستن بە ئاوێتەیەکی هێزە چەکداری‌یە-دەوڵەتی‌یەکان و پشتیوانیی مەعریفەیی و

2 Elling RC (2013) Minorities in Iran: Nationalism and Ethnicity after Khomeini. New York: Palgrave.

ئاکادیمیکی بژاردە خوێندەوارە و پسپۆڕەکانی، پێکهاتەی فرەکەلتووریی، زمانی، ئایینی و ئەتنیکیی فەلاتی ناسراو بە ئێران کە بۆ هەزاران ساڵ کەلتور، زمان، و پێکهاتە جیاوازەکانی تێدا ژیاوە، لە پۆلێنبەندی و تاکسۆنۆمییەکی ڕەگەزی – ئیتنیکی وەک تیۆرییە کلاسیکەکانی کۆلۆنیالیسم بۆ ناوەند-پەراوێز، شوناسی نەتەوەیی – شوناسی خۆجیی/عەشیرەیی (قەومی)، و فارس و نافارس دابەزێنێ[3].

لەم پۆلێنبەندییەدا، ئەتنیکی فارس، لەباری ئەتنیکییەوە بوونی نییە، بەڵکوو بابەتێکی سەروومێژوویی-سەرووئەتنیکی[4] و بەجۆرێک «حبل‌المتین» یان بناغەی «شوناسی نەتەوەیی»یە؛ ئەو لە هەموو شوێنێکە و لە هیچ شوێنێکیش نییە؛ چەندێتی و چۆنیەتییەکەی دەبێ وەکوو بابەتێکی سەلمێندراو، زاتی و دیاریکراو سەیر بکرێ. پاشنەی ئاشیلی هەموو هەوڵەکانی چەند ساڵی ڕابردوو بۆ دابین کردنی مافە زمانی و ئەتنیکیی مەدەنییەکان یان پێشکەش کردنی جێگرەوەیەک بۆ گوتاری زاڵ ڕێک لەم بابەتەوە سەرچاوە دەگرێ کە ناسیۆناڵیزمی سەردەست، لە چالاکی مافی مرۆڤەوە بگرە هەتا لایەنگری فێمێنیزم، سەڵتەنەتتەڵەب، توندئاژۆ، پێشکەوتنخواز، یان سێکولار ناتوانێ مەوجوودیەتێکی سیاسی-کەلتووری ببینێ یان وێنا بکات کە تێیدا فرەیی زمانی و کەلتووری بەفەرمی بناسرێ و ڕێزی لێبگیرێت. لەڕاستیدا، وێناکردنی ئێران وەکوو کۆمەڵگایەکی فرەزمانی و فرەکەلتووری بۆ ڕووناکبیر یان بژاردەیەکی ناحکومی وەک بژاردەیەکی حکومەتی بابەتێکی نامومکینە. ناسیۆناڵیزمی زاڵ هەر لەسەرتاوە حاکمییەت و کۆمەڵگای وەکوو هاوواتای یەکتر پێناسە کرد. هەربۆیەیشە جیاوازی نێوان حاکمییەت و کۆمەڵەی ئەتنیکی زاڵ و دەسەڵاتدار بابەتێکی نامومکینە و ئەگەر هەر ویستێک بۆ چوونەدەر لە دۆخی هەنووکەیی هەبێ، دەبێ ئەم هەوڵە سەرەتا لە بیاڤی گشتیدا بدرێ، نەوەک تەنیا لە بیاڤی حاکمییەت یان ڕەگەزە سیاسییەکان.

ناسیۆنالیزمی زاڵ بەبەراورد لەگەڵ نوسخە تورکی-عەرەبییەکان هەندێ جیاوازیی وردی هەیە کە تێ-گەیشتنی ورد و ڕەخنەگرانەی گوتارەکەی تووشی کێشەی جدی دەبێتەوە. یەکەم ئەوەیکە تێڕوانینێکی فرەڕەهەندی، لێڵ و زۆر وردی بەرانبەر بە ئێتنیکە نافارسەکان وەرگرتووە. بەم مانایە کە ئەم گوتارە لە کاتی سەرهەڵدانییەوە لەلایەن دەوڵەتی پاڵەوی، ئاڵۆزترین و فراوانترین ئامرازە دامەزراوەیی، گوتاری و ڕێکخراوەییەکانی بۆ یەکچەشن کردنی زمانی و کەلتووری ئەوانیتری ژێردەستکراو بەکار هێناوە. لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکرێ کە مێژوونووس و پسپۆڕانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵەی ئەتنیکی سەردەست ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پاڵاوتن یان نکۆڵیی مێژووی یەکچەشن کردنی ئەتنیکی و ئێتنۆسایدی زاڵ گێڕاوە. هەربۆیەیش، لە پەیوەندی لەگەڵ جینۆساید و لەناوبردنی فیزیکیی ئەوانیتری ئەتنیکی بەتایبەتی لە سەردەمی پاڵەویدا زانیارییەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە و تەنانەت لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆیشی لەسەر نەکراوە. بۆ وێنە، جینۆساید، گۆڕینی شوێنی ژیانی دانیشتوانی، لەشوێن هەڵکەندن و لەناوبردنی

3 Soleimani K, Mohammadpour A. Can non-Persians speak? The sovereign's narration of "Iranian identity." Ethnicities. 2019;19(5):925-947. doi:10.1177/1468796819853059

4 Soleimani, Kamal and Osmanzadeh, Davoud (2021), Textualising the ethno-religious sovereign, history, ethnicity and nationalism in the Perso-Islamic, Nations and Nationalism, https://doi.org/10.1111/nana.12705

کەلتوورەکان و شێوازە خۆجێیەکانی بەرهەم هێنان لە ساڵی ١٩٢١ و لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی ڕەزاشا وەک وەزیری شەڕ و پاشان پاشایەتی‌یەکەی لە ساڵی ١٩٢٥ دەستی پێکرد و تا نزیک ساڵانی ١٩٣٧ بەردەوام بوو. لە ماوەی زیاتر لە دەیەیەکدا دەیان هەزار کەس لە بەناو «عەشایر و ئیلەکان» ئێعدام کران یان لە شوێنی ژیانی خۆیان دوور خرانەوە. کۆچ پێکردنی زۆرەملێ و لەناوبردنی ئەوەی دەوڵەت پێی-دەکوت «کۆمەڵگەی ئیلی و شوانی» و پێی سیمبولی بەربەرییەت و گێرەشێوێنی بوو و لەناوبردنی فیزیکیی ئەوان – بەتایبەتی عەرەبەکان و دانیشتوانی کاکولی‌یە، بویرئەحمەد، و بەختیاریی‌یەکان – بەشێوەیەکی وا فراوان و دڵڕەقانە ئەنجام درا کە هەندێ نووسەری وەک کاتوزییان و کاوە بەیات وەک جێنۆساید ناوی دەبەن[5]. کاتوزییان باس لەوە دەکات کە سەرۆکتایفەکانی کاکوڵییە و بویرئەحمەد، قەشقایی و بەختیاری بە ئامان‌نامە بانگهێشتی تاران کران و بەبێ هیچ بیانوو و هۆکارێک لە دار دران. «تیمسار ئەمیرئەحمەدی» کە بۆ ماوەی زیاتر لە یەک دەیە بەرپرسیارێتیی تێکشکاندنی بەناو «ئاژاوە» و «گێرەشێوێنی‌یەکان»ی لە ئەستۆ بوو، دواتر لەلایەن هەندێ لە مێژوونووسە فارسەکان و تەنانەت هەندێ لە بەرپرسە حکومەتی‌یەکانی وەکوو عەلی ئەکبەری درەخشانی بە «ئایشمەن»ی ئێرانی ناوزەد کرا. ئەمیر ئەحمەدی لەگەڵ ئەوەیشدا کە بۆخۆی بە ڕەچەڵەک لۆر بوو، زیاترین تاوانەکانیشی هەر لە لۆرستان ئەنجام دا[6].

خاڵێکی دیکە لەبارەی ناسیۆنالیزمی سەردەستەوە ئەوەیە کە ئەم گوتارە هەر لەسەرەتاوە تا ئێستا بەردەوام پێداگری لەسەر نکۆڵیی ڕاستی و پرسی زمانی-ئەتنیکی لە ئێران کردووە. لە کاتێکدا کە عەرەبەکان، وێڕای سیاسەتەکانی لەناوبردن و هەڵاواردنیان، بڕوایان بە بوونی ڕاستی‌یەکی دەرەکی بەناوی کورد هەبوو، ناسیۆنالیستەکانی ئێران تەنانەت نکۆڵی‌یان لە هەبوونی وەها ڕاستی‌یەکیش دەکرد. بۆ نموونە لە عێراقی سەردەمی سەدام حوسەین، لەگەڵ ئەوەیشدا کە کوردەکان بۆ ماوەی زیاتر لە یەک دەیە جینۆساید و ئەنفال کران، بەڵام پرس و ڕاستیی ئەتنیکیی کورد نکۆڵی لێنەدەکرا؛ ناسیۆنالیستە سەرەتایی‌یەکان، کە دەتواندرێ هەموویان لەژێر ناوی «بازنەی بەرلین» پۆلێنبەندی بکرێن، شوناسە نافارسەکانیان تەنیا پێ زیادی‌یەک یان جۆرێک پەراوێز و یان لە باشترین حاڵەتدا یەکێک لە ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەی تاقانەی «کەلتووری ئێرانی» بوو. گەرچی زۆربەی ناسیۆنالیستەکانی بازنەی بەرلین لە دەوری سێ مژاری کەوناراگەری و میراتگەرایی، دژەعەرەبیەتی و ڕۆژئاواگەری کۆ ببوونەوە، بەڵام نووسەرەکانی «ئێرانشار» بە جەخت-کردنەوە لەسەر کەلتووری شیعی – تێڕوانین بۆ ڕۆژهەڵات – پەیوەندێکی ڕۆحانییان لەنێوان زەرتەشتی-گەری و شیعەگەری و گەڕانەوە بۆ خود، ڕەگەزی مەزهەبی‌یان بە ناسیۆنالیزمی ئێرانی زیاد کرد. لە سەردەمی گۆڤاری «ئێرانشار» بەملاوە و لەگەڵ سەرهەڵدانی گۆڤارەکانی «نامەکانی فەرنگستان» و «ئایندە»، گەڕانەوەی دووبارە بۆ ڕۆژئاوا، دژایەتیی عەرەب، و ڕەگەزپەرستیی ئاریایی جارێکی دیکە بووە ڕۆژڤ و سەردێڕی باسەکان.

---

5 Katouzian H (2006) State and Society in Iran: The Eclipse of the Qajars and the Emergence of the Pahlavis. London: I.B.Tauris.

6 Amanolahi, Sekandar (2002) Reza Shah and the Lurs: The Impact of the Modern State on Luristan, Iran & the Caucasus, Vol. 6, No. 1/2 (2002), pp. 193-218

نکۆڵیی مەعریفەناسی و بوونناسیی ئەوانیتری ژێردەستکراو دەتواندرێ لەنێو سێکولارترین و پێش-ڕەوترین سیما و ڕەوتە ڕووناکبیرییەکانی ناسیۆناڵیزمی زاڵ ببیندرێ. بۆ نموونە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە هەندێ لە ڕووناکبیرە دژە ئیمپریالیست ناسیۆناڵیستەکانی وەکوو «حەمید دەباشی» پشتیوانییان لە هەرچەشنە بزووتنەوەیەکی دژە ئیمپریالیستی و دژە کۆلۆنیالیستەکانی لە هەموو کەلێن و قوژبنێکی جیهان دەکات، بەڵام بەرگریی ئەتنیکە نافارسەکان لە بەرانبەر نزیکەی سەدەیەک لەناوبردن و پاکتاوی ڕێکخراوی ئەوانی پێ جۆرێک پیلان بوو و شوناسی ئەوانی پێ شوناسێکی دەستکردە[7]. دەباشی نەک هەر لە بەرهەمەکانی خۆیدا باس لە پرسی ئەتنیکە نافارسەکان ناکات، بەڵکوو تەنانەت لەم حاڵەتە دەگمەنانەیشدا کە باسیان دەکات، هەموو ئەوان لە کەوانەیەک یان ڕستەیەکی شیکاری یان پەراوێزێکدا بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، وەک ئەوەی کە ئەم ئەتنیکانە بۆ ئەو تەنانەت بایەخێکی وشەناسانەیشیان نییە[8]. بە هەمان شێوە، پڕۆژەی دیموکراتیزاسیۆنی «عەلی میرسپاسی»یش خۆی لە قەرەی پرسە ئەتنیکیکانی و فرەیی کەلتووری و زمانی نادات. ئەو لە هیچ شوێنێکی بەرهەمەکانی خۆیدا باسێکی ئەوتۆ لە ئەتنیکە زمانییەکان ناکات و پێناسەکەی لە دیموکراتیزاسیۆن پێناسەیەکی فارسی-شیعییە و تەنانەت لەباری جوگرافیشەوە ئەم پێناسەیە ناوەندگەرایە[9]. لە پڕۆژەی میرسپاسیدا، بزووتنەوە سیاسییەکانی وەکوو بزووتنەوەی سەوز و یان ڕەوتە سیاسییەکانی کۆمەڵگای زاڵ و حاکم، وەک نوێنەری کۆمەڵگای فرەزمانی و فرەکەلتووریی ئێران پێناسە دەکرێن، وەک ئەوەی میرسپاسی وەک کۆمەڵناسێک تێگەیشتنێکی بابەتی و وردی لە چەمکە بنەڕەتی-یەکانی کۆمەڵناسی وەکوو «کەلتوور» و «کۆمەڵگا» وەک دەستکەوتێکی بەکۆمەڵ و هاوبەش بەتایبەتی لە بەستێنی فرەزمانی و فرەنەتەوەیی ئێراندا نییە. وەها تێڕوانینێک لە بەرهەمەکانی زۆرینەی دەستەبژێرە هاوچەرخەکانی فارس دەبیندرێ، بەشێوەیەک کە دەکرێ زۆربەی ئەوان لە درێژە یان بەردەوامی و بووژاندنەوەی دووبارەی بازنەی ڕەگەزی، زمانی و سیاسیی «بەرلین» دابندرێن. بۆ نموونە، ئەگەرچی لە بەرهەمەکانی «مێهرزاد بروجێردی»دا ڕووناکبیرانی ئێرانی دامەزرێنەر و کاریگەر لە جومگبەندیی گوتاری فارسی-شیعی ڕەخنەی لێدەگیرێ و تەرکیز لەسەر سرووشتی فرەکەلتووری و فرەشوناسیی ئێران دەکرێ[10]، بەڵام تەنانەت لە بەرهەمەکانی ئەویشدا شوناسێکی نەتەوەیی یەکگرتوو وەک گریمانەیەکی بێ ئەملاوئەولا و بنەڕەتی سەیر دەکرێ. ڕەخنەکانی ئەو زیاتر باس لە چۆنیەتیی پێکهاتن و شێوەکانی جێ-بەجێکردنی ئەم شوناسەیە، نەوەک ڕەخنەیەکی بوونناسانە. برووجێردی لە بەرهەمە نوێیەکانیدا بەئاشکرایی هاوڕایی خۆی لەگەڵ خەونە سەرەتاییەکانی «بازنەی بەرلین» – وەکوو «حەسەنی تەقی-

7 Dabashi H (2018) Formation of an independent Kurdistan would be disastrous for all peoples of the region, including the Kurds themselves. Available at: www.aljazeera.com/indepth/ opinion/kurdish-question-171030073038610.html

8 Dabashi, Hamid (2016), Iran The Rebirth of a Nation, Palgrave Macmillan.

9 Mirsepassi, Ali (2010), Democracy in Modern Iran: Islam, Culture, and Political Change, NYU Press

10 Boroujerdi, Mehrzad (1996) Iranian Intellectuals and the West: The Tormented Triumph of Nativism. Syracuse: Syracuse University Press.

زادە» و «محەمەدعەلی فروغی» – دەردەبڕێ و جەخت لەسەر پێویستیی سیاسەتە هاوچەشنکەر و ئاسیمیلاسیۆن و سیاسەتی پاکتاوی ئەتنیکی ڕەزاشا دەکاتەوە[١١].

دەربڕینە خۆبەزلزانییە بایۆلۆژیکی و ڕەگەزپەرەستانەیی‌یەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی لەگەڵ بەرهەمەکانی «ئاخوندزادە» و «ئاقاخانی کرمانی»، کە بە باوکانی دامەزرێنەری ناسیۆنالیزمی ئێرانی دادەندرێن، دەستیان پێکرد. بەرهەمەکانی ئەم دووانە وێکچوونێکی یەکجار زۆریان هەیە. لەم ناوەدا، کرمانی، قوتابیی ئاخوندزادە، زمان و پەخشانی سووکەکەرانە و توندوتیژانە بەرانبەر بە نەتەوە نافارسەکان و بەتایبەتی بەرانبەر بە عەرەبەکان بەکار دەهێنێ. «ڕەزا زیا ئیبراهیمی»، ئاخوندزادە بە باوکی ناسیۆنالیزمی فارسی دادەنێت و ناسیۆنالیزمەکەی وەک «ناسیۆنالیزمی لەجێ هەڵکەندن» دەناسێنێ[١٢]. لەگەڵ ئەوەیشدا، «زیا ئیبراهیمی»ش لە کتێبەکەیدا ڕەخنە لە ناسیۆنالیزمی ئێرانی تا ئەو جێگایە بەرەو پێش دەبات کە هیچ زیانێک لە پرۆژە سیاسی و شوناسی‌یەکەی نەدات. «ئۆستوورەی ئارییایی» – چەمکێک کە بۆ یەکەمین جار لەلایەن مێژوونووسی ئەڵمانی «فریدریش شێگێل» دروست کرا[١٣] و پاشان «ئاقاخانی کرمانی» وەری گرت – بناغەی ئەم گوتارە پێکدەهێنێت. ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە «لەجێ هەڵکەندراوە»، چونکە پێیوایە کە ئەوەی کە ئێران لە ئاسیا هەڵکەتووە بەرهەمی ڕێکەوتێکی جوغرافی‌یە، بانگەشەیەک کە لە لایەکەوە ئێران لە ئاسیا جیا دەکاتەوە و لەلایەکی دیکەوە وەک بوونەوەرێکی ئەورووپی و پێشکەوتوو دەیناسێنێ. ناسیۆنالیزمی هەڵکەندراو بە تێڕوانینێکی ڕۆمانتیک و نۆستالۆژیک بۆ ڕابردوویەک کە کەمترین زانیاریی مێژووی لەبارەیدا هەیە، بەسەر سەدەکانی شارستانییەتی ئیسلامی‌دا باز دەدات و ئێرانی سەدەی بیستەم بە ئێرانی پێش ئیسلام دەبەستێتەوە. «فەرەیدوونی ئادەمییەت» کە ڕۆڵێکی تایبەتی لە بە چەق کردن و بەرزکردنەوەی بەرهەمەکانی «ئاخوندزادە» و «کرمانی»دا هەیە، ئاقاخانی کرمانی بە باوکی «فەلسەفەی مێژووی ئێران» دەناسێنێ[١٤]، «فەیلەسووفێکی مێژوو» کە نەتەنیا نکۆڵی لە چەندین سەدە شارستانییەتی ئیسلامی - عەرەبی دەکات، بەڵکوو هەموو کۆشکی بیرمەندیی خۆی لەبارەی مێژووی کەونارا لەسەر نۆستالۆژی و ئۆستوورە دامەزراندووە. لە ڕاستی‌دا فەلسەفەی مێژووی کرمانی شتێک نییە جگە لە پەنا بردن بۆ ئۆستوورە و خولیای بەتاڵ و نامێژوویی. ئۆستوورەی لەسەرتر بوونی ڕەگەزی ئارییایی پەیوەندی‌یەکی نزیکی لەگەڵ دژایەتیی عەرەب هەیە. چەقی سەرەکی هەردووک تیۆریسییەنەکە، دژایەتیی عەرەب و نەفرەت لە ڕەگەز و کەلتووری عەرەبی‌یە. ئەگەرچی بە گوتەی هەندێ لە بیرمەندە هاوچەرخە ئێرانی‌یەکان، ئێرانی هاوچەرخ بە هیچ شێوەیەک لەلایەن کەلتووری عەرەبی‌یەوە هێرشی بۆ نەکراوە، و بەپێچەوانەوە، ئەوە ئیمپراتۆریی ڕووسیا و پاشان وڵاتانی ئەورووپی بوون کە زۆرترین شکست و دەستێوەردانی سەربازییان بەسەر حکوومەتی ئەوکات (قاجار)دا سەپاندووە، بەڵام وێدەچێ دژایەتی عەرەب بە نیسبەت دژایەتی ڕۆژئاوا بۆ ئەم

---

11 Boroujerdi, Mehrzad (2020), "Rethinking the Legacy of Intellectual-Statesmen in Iran", in, Mapping the Role of Intellectuals in Iranian Modern and Contemporary History (Ed.), Ramin Jahanbegloo, Lexington.

12 Zia-Ebrahimi R (2016) The Emergence of Iranian Nationalism: Race and the Politics of Dislocation. New York: Columbia University Press.

13 Vaziri M (1993) Iran as Imagined Nation: The Construction of National Identity. New York: Paragon House.

١٤ آدمیت، فریدون (١٣٥٧) اندیشه‌های میرزا آقاخان کرمانی، انتشارات پیام

ناسیۆنالیستانە تێچوویەکی کەمتری هەبووە، چونکە دژایەتی ڕۆژئاوا نە لەباری سیاسی و نە لەباری گوتارییەوە نەیدەتوانی بۆ بەرهەم هێنان و بەردەوامیی وەها گوتارێک بەکەڵک و بەسوود بێ، بەتایبەتی کە ڕۆژئاوا ئایدیال تایپ و کابەی خەونەکانی ئەوان بوو و دژایەتی و ڕەخنە لێی تێچووی زۆری بۆیان دەبوو. بەرهەمەکانی ئەم دوو نووسەرە بەردی بناغەی وەهمە ڕەگەزییەکان. «دژایەتیی سامی» و چاندنی تۆوی نەفرەت پێکدەهێنێت. لە بەرهەمەکانی ئەم دووانەدا، عەرەبەکان بە ن  نامرۆڤانەترین شێوە نێویان دێت. دەبێ ئاماژە بەوەیش بکرێ کە ڕەگەز و مەزهەبەکانی دیکەیش، بۆ نمونە جولەکەکان و تورکەکان، لە تۆوی نەفرەتی ئەم دوو دامەزرێنەی ناسیۆنالیزمی فارس بێبەش نین. لە درێژەی ئەم تێڕوانینەدا، دەستەواژە دژە عەرەبەکان بە ڕوونترین شێوە لە بەرهەمەکانی هەندێ ئایدیۆلۆگی دواتر وەکوو «عەلی شەریعەتی»ش دەبیندرێ.

******

هاوکات لەگەڵ بەرهەمە ڕەگەزپەرەستانەکانی ئاخوندزادە و کرمانی، ڕەوتێکی دیکە بەتایبەتی لە سەرەتاکانی شەڕی یەکەمی جیهانی سەری هەڵدا کە بە «بازنەی بەرلین» ناو دەبردرێ. بازنەی بەرلین ناوێکە بۆ کۆمەڵێک لەو ناسیۆنالیستە سەرەتاییانەی فارسی- شیعی کە لە مەودای نێوان دوو شەڕی جیهانی لە ئەڵمانیا دەستیان بە بڵاو کردنەوەی سێ گۆڤاری بەناوبانگ بە ناوەکانی «کاوە»، «ئێرانشار»، و «نامەی فەرەنگستان» کرد[15]. هەندێک لە ئەندامانی دامەزرێنەر و نووسەرانی ئەم سێ گۆڤارە دواتر گۆڤاری چوارەمیان لە ئێران بە ناوی «ئایندە» بڵاو کردەوە. ئەم سێ بازنەیە لە سێ لایەنەوە گرینگن. یەکەم: ئەم بازنەیە مانیفێست یان بناغەکانی ڕووناکبیریی ناسیۆنالیسمی زاڵیان لە ئێران دانا. دووهەم، نووسەرانی ئەم گۆڤارانە و پاشان گۆڤاری چوارەم – واتە گۆڤاری ئایندە – دواتر و هاوکات لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی «ڕەزا پالانی» – کە دواتر ناو و نازناوی لەلایەن محەمەدعەلی فرووغی بە «ڕەزا پاڵەوی» بۆ «ڕەزا پاڵەوی» گۆڕدرا – پۆستە ئیداری، سیاسی و زانستگاکانیان وەرگرت و تا ڕادەیەکی زۆر جومگەکانی دەوڵەتی پەهلەوییان پێکدەهێنا. سێهەم، خوێندنەوەی وردی ئەم گۆڤارانە، ڕۆڵی بنەڕەتیی و بێ ئەملاوئەولای مێژوونووسان، ئەدیبە و ڕووناکبیرە سەرەتاییەکان لە دەسەڵاتگرتنی ڕەزاشا، قایم کردنی دەوڵەتی پەهلەوی، جینۆسایدی نەتەوە نافارسەکان و بەگشتی قایم کردنی گوتاری ناسیۆناڵیستیی فارسی-شیعی ڕوون دەکاتەوە. دەتواندرێ لە شیکردنەوەی بازنەی بەرلین بەم ئەنجامە بگەین کە ناسیۆناڵیزمی فارسی-شیعی پێش کودەتای ئینگلیسی ڕەزاشا لە ساڵی ١٩٢٥ دارێژرا بوو و ئامادە کرابوو و لەم ناوەدا ڕەزا شا تەنیا ڕۆڵی جێبەجێکاریی ئەو سیاسەتانەی لەسەر شان بوو کە بەرهەمی ئەم گوتارە بوون.

«گۆڤاری کاوە» لە ساڵی ١٩١٦ لە ئەڵمانیا و لە شاری بەرلین بە سەرنووسەریی حەسەن تەقیزادە -کە بۆخۆی تورک بوو- بڵاو کراوە. تەقیزادە لەلایەن دەوڵەتی ئاڵمان و حیزبی سوسیالدێموکراتی ئەڵمانیا

15 Matin-Asgari A (2018) Both Eastern and Western: An Intellectual History of Iranian Modernity. Cambridge: Cambridge University Press.

ئەرکی ئەوەی پێ سپێردرابوو کە لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا لەبەرژەوەندیی ئەلمانیا و لەدژی ڕووسیا و بەریتانیا گۆڤاری کاوە بڵاو بکاتەوە. خولی یەکەمی گۆڤاری کاوە لە ساڵانی نێوان ١٩١٦ تا ١٩١٩ زیاتر بۆ بەرگری لە بەها باڵاکانی سۆسیال دیمۆکراتیی ئەڵمانیا تەرخان کرابوو. پاش کۆتایی شەڕ، خولی دووهەمی گۆڤاری کاوە لە ساڵانی ١٩١٩ تا ١٩٢٢ بەشێوەیەکی فەرمی بۆ فورمولە کردنی و پڕوپاگەندە بۆ ناسیۆنالیزمی ئێرانی تەرخان کرابوو. جێگەی ئاماژەیە کە خودی ناوی گۆڤارەکە و لۆگۆکەی لەلایان «ئۆسکار مان»، کوردناسی ئەڵمانییەوە پێشنیار کرابوو. دروشمی گۆڤاری کاوە گەڕانەوە بۆ قۆناغی زێڕینی وەهمی ئێرانی کەونارا، ڕەتکردنەوەی بێ ئەملاوئەولای هەموو شارستانییەتی ئیسلامی و بە گوتەی تەقیزادە «لە تەپڵی سەر تا بنی پێ بەڕۆژئاوایی بوون» و «تەسلیم بوونی ڕەها بە ئەورووپا[١٦]» بوو. کاوە تەرکیزی لەسەر چیرۆک و ئۆستورەکانی ئێرانی کەونارای دەکردەوە و لەم بارەشەوە پشتی بە شانامەی فێردۆسی بەستبوو و هەوڵی دەدا «کەلتووری ئێرانی» وەک کەلتوورێکی ئەزەلی، ئەبەدی، زێڕین، بەردەوام و پێشکەوتوو پێشان بدات کە لە ماوەی چەندین سەدەدا هێرشی عەرەبەکان بەرەو فەوتان چووە. گوتاری کاوە لەبری ئەوەیکە وەک ئاخوندزادە خۆی لە شەڕی دژایەتیی عەرەب بگلێنێ، هەوڵی دەدا تا تەرکیز لەسەر شتێکی بەناوی «شوناسی نەتەوەیی یەکگرتووی ئێرانی» بکاتەوە. لەگەڵ هاتنەسەرکاری ڕەزاشا هەندێک لە ئەندامانی گۆڤاری کاوە و یەک لەوان حەسەن تەقیزادە گەڕنەوە ئێران و پۆستە باڵا حکومی و سیاسییەکانیان وەرگرت. ئەوکات تەقیزادە وەزارەتیماڵییە (وەزارەتی دارایی) وەرگرت. گۆڤاری کاوە و بەتایبەتی حەسەن

تەقیزادە زۆر لەژێر کارتێکەریی ئایدیالیزمی ئەڵمانی و ڤێرژنە سەرەتاییەکەی نازیسمی ئەڵمانیادا بوون کە نزیک لە دوو سەدە لەمەوپێش لە چوارچێوەی تیۆریی ڕەگەزیی – زمانی و کەلتووریی ئاریایی هەوڵی دروست کردنی پردی پەیوەندیی لەنێوان زمان، خوێن، بایۆلۆژی و جیاوازی زاتیی مرۆڤی ئەڵمانی لەلایەک و پێشڤەرۆیی کەلتووری ئەڵمانیی لە ئەورووپادا دەدا. بۆچوونە سەرەتاییەکانی هێگڵ و بەرهەمەکانی هەندێک بیرمەندی وەکوو هایدگێر و مێژوونووسی وەکوو ئێشپلێنگێر ڕۆڵی بنەڕەتییان لە گەشەپێدانی بناغە ئۆتۆلۆژییەکانی ئەم بیرۆکەیە و ئاراستەکردنی بەرەو نازیسمتەوەریدا گێڕا[١٧].

پاش کۆتایی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری کاوە، هەندێک لە نووسەرەکانی بە سەرنووسەریی «حسێن کازمزادە» – کە ئەوەیش وەک حەسەن تەقیزادە ناسیۆناڵیستێکی فارسگەرای تورک زمان بوو. لە بەرلین دەستیان بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی دیکە بە ناوی «ئێرانشار» (١٩٢٢-١٩٢٧) کرد. بەپێچەوانەی گۆڤاری کاوە کە کەڵکەڵەی بەڕۆژئاوایی بوونی ڕەهای ئێران و دامەزراندنی شوناسی نەتەوەیی لەسەر بنەمای زمانی فارسی هەبووم گۆڤاری ئێرانشار چاوی لە ڕۆژهەڵات بوو و لەم باوەڕەدا بوو کە دەبێ کەلتووری ناسراو بە ئێرانی «ڕۆحێکی ئێرانی» هەبێ. چەمکگەلی «ڕوحی ئێرانی» و «مرۆڤی ئێرانی» کە لە چەمکە بنەڕەتییەکانی ئەم

16 Ibid, p. 57

17 Matin-Asgari A (2014) The Berlin circle: Iranian nationalism meets German countermodernity. In: Scot-Aghaei K and Marashi A (eds) Rethinking Iranian Nationalism and Modernity. Austin: The University of Texas Press, pp. 49–67.

گرووپە لە نووسەران بوو، دواتر بوو بە هەوێنی بۆچوونەکانی کەسانێکی وەکوو جەلال ئالی ئەحمەد، عەلی شەریعەتی، و داریووشی شایەگان. هاوکات لەگەڵ گۆڤاری ئێرانشار، گۆڤاری «نامەی فەرەنگستان» (١٩٢٤-١٩٢٥) بە سەرنووسەرێتی «مورتەزا مۆشڤێ کازمی» – دیسان هەر لە بەرلین – بڵاو کراوە کە بەجۆرێک گەڕانەوە بوو بۆ میرات و گوتاریی فکریی گۆڤاری کاوە – یانی ستایشی ڕۆژئاوا و بەڕۆژئاوایی بوون. نامەی فەرەنگستان تەمەنەکەی درێژ نەبوو و لەگەڵ دەسەڵات گرتنی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری ڕەزاشا و گەشەپێدانی بوروکراسیی دەربار، نووسەرەکانی بوونە بەرپرسی سیاسیی ئێران. گۆڤاری چوارەم کە لە ڕاستیدا ئەجێندای کردەنیی ناسیۆناڵیزمی زاڵی دادەڕشت، گۆڤاری «ئاینده» بە سەرنووسەریی «مەحموود ئەفشاریزادە» بوو کە لە ساڵی ١٩٢٥ دەستی بە ڤەشان کرد. مەحموود ئەفشاری یەزدی هەروەک تەقی-زادە و کازمزادە تورکزمان بوو. سیاسەتەکانی گۆڤاری ئاینده بەپێچەوانەی سێ ئۆرگانە فکرییەکانی پیشوو کە زیاتر جەختیان لەسەر ناسیۆناڵیزمی ئێرانی دەکرد و لە چوارچێوەی زمان و مەزهەب هەوڵەکانیان چڕ کردبۆوە، کەڵکەڵەی شێوازەکان و سیاسەتەکانی جێبەجێکردنی وەها گوتارێکی هەبوو. لە ناو نووسەرە

ئێرانییەکاندا، کەمتر نووسەرێک دەبیندرێ کە هێندەی مەحموود ئەفشاری یەزدی دژایەتیی ئەتنیکە نافارسەکان و بەتایبەتی کەلتوور و زمانی تورکی بکات. ئەو هەروەک ئاخوندزادە، کرمانی و ئەحمەد کەسرەوی بە هیچ شتێک کەمتر لە لەناوبردن و قەڵاچۆکردنی تەواوی کەلتوور و زمانە نافارسییەکان ڕازی نەبوو. ئاخوندزادە، کەسرەوی و ئەفشار زۆرترین دژایەتییان لەگەڵ زمان و کەلتووری دایکیی خۆیان، یانی زمان و کەلتووری تورکی، هەبوو. مەحموود ئەفشار بەئاشکرا ڕایدەگەیەنێ کە تەنانەت دژی «پێنج خولەک» خوێندنی زمانی تورکییە[١٨]، هەروەک چۆن کەسرەویش هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە تورکی یان خۆیوتەنی «ئازەری» یەکێک لە لقەکانی زمانی ڕەسەنی فارسییە. ئەو لە نووسینەکانی خۆیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هیچ خەون و خولیایەکی جگە لە لەناوبردن و قەڵاچۆکردنی هەموو زمانە نافارسییەکان، لە تورکییەوە بگرە هەتا کوردی، نییە[١٩]. مەحموودی ئەفشار پەرەسەندی زمانی فارسی بە هۆکاری یەکگرتوویی دەزانی و ئاماژە بە دوو بەربەستی سەرەکی لەم بارەوە دەکات: «مەترسیی تورکەکان (زەرد) و مەترسیی عەرەبەکان (کەسک)». لە یەکێک لە بەناوبانگ-ترین وتارەکانی گۆڤاری ئاییندەدا، مەحموودی ئەفشار پلانێکی هەشت مادەیی بۆ لەناوبردن، جێگۆڕکێی دانیشتوان، جێگۆڕکێکی ئەتنیکی و ئاسیمیلاسیۆنی کولتور و زمانە نافارسییەکان دادەڕێژێ. ئەم چوار گۆڤارە بناغەکانی ڕووناکبیریی پانئێرانیستی دادەڕێژێ و ناوی «پیاوی نەزم» و سەقامگیری لەسەر ڕەزاشا دادەنێ کە دواتر لەلایەن هەندێ نووسەری ناسیۆنالیستی وەکوو «توورەج ئەتابەکی» دەهێندرێتە

---

١٨ایرج افشار یزدی، زبان فارسی در آذربایجان، تهران ١٣٦٨: محمود افشار یزدی، یگانگی ایرانیان و زبان فارسی

19 Soleimani, K and Mohammadpour A. Can non-Persians speak? The sovereign's narration of "Iranian identity." *Ethnicities*. 2019;19(5):925-947. doi:10.1177/1468796819853059

ناو زمانی ئینگلیسی[20]. پاش دەسەڵاتگرتنی ڕەزاشا، محەمەد موسەدیق و حەسەن تەقیزادە لە مەجلیسی شۆورای ئەوکاتەدا ڕەزاشا بە «ستەمکاری ڕووناکبیر (مستبد منورالفکر)» و «ستەمکاری چاکەکار (مستبد خیراندیش)» دەناسێنن و هەبوونی بە پێویستییەکی مێژوویی دەزانن. ناسیۆنالیزمی زاڵ، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدان و پەرەپێدانی لەپاش هاتنە سەر دەسەڵاتی پاڵەوی یەکەم بەردەوام ڕوو لە گەشەسەندن بووە. توخمە گوتارییەکانی ئەم ناسیۆناڵیزمە، واتە ڕەگەزپەرستی، بچووککردنەوەی ڕەگەزی و کەلتووری ژێردەستکراو و زێدەخوازیی، و ئەمانە تایبەتمەندییە زاتییەکانی ئەم ناسیۆنالیزمەن کە بەدەستلێنەدراوی لە جێگەی خۆیان ماونەوە.

******

ناسیۆنالیزمی ئێرانی لەماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا بەردەوام ڕوو لە فراوانبوون، و تارادەیەکیش گۆڕانی مۆدێل، بووە. دوایین هەوڵی هزریی دەستەبژێری فارسی-شیعی لە ڕەوتی بەناو «پێرشیانێت ستادیز[21]» یان لێکۆڵینەوەکانی «جیهانی پارس[22]» دەبیندرێ کە ئامانجی گەشەپێدان و جێگیرکردنی وێنایەکی وەهمی لە جۆرێک ئیمپراتۆرییەتی زمانی و کەلتووری لەژێر ناوی «ئێرانی گەورە»، یان «ئێرانی کەلتووری»یە. پرۆژەیەکی سیاسی لە چوارچێوەی زمان و کەلتوور لەم ڕەوتەدا بەدواداچوونی بۆ دەکرێ کە ئامانجەکەی بریتییە لە پێشاندانی کاریگەرییە قووڵە مێژوویی، زمانی، کەلتووری و ئەدەبییەکانی کەلتووری فارس لەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسیای ناوەندی و ئۆراسیایە. ئەم گرووپە لە ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە شوێنپێی ئەم کاریگەرییانەیان لە هەندێک لە بەرهەمە مێژوونووسانە و ئەدەبییەکانی سەردەمی ئیسلامیدا دۆزیوەتەوە. ئەم ڕەوتە کە سەرەتا لەژێر کاریگەریی چەمکی «پێرشیان وۆرلد» یان «جیهانی فارسی»ی مارشان هادسۆن[23] سەری هەڵدا، پێیوایە کە پارسی، زمانی نێوبژیوان (lingua franca) بووە لە جوگرافیایەکی پان و بەرین لە ئاسیا و ئەورووپا، کە لە بەنگال و هیند تا فەلاتی ئێران، سیبری و ئۆراسیا لەخۆ دەگرێ. پانتایی و فراوانی جیهانی پارس تەنیا و تەنیا لە ڕێگەی کارکردی زمان بەتایبەتی شێوە نووسراوییەکەی دیاری دەکرێ. هەندێ نووسەری وەکوو محەمەد تەوەکولی تۆرۆقی، مانا کیا، ئەفشین مەرعەشی، حەمید دەباشی، عەباس ئەمانەت[24] و دەستەبژێرەکانی دیکەی فارس هەوڵ دەدەن پێشانی بدەن کە زمانی فارسی دەتوانێ وەکوو هەوێنێکی کەلتووری-زمانی هەموو ئاسیای ناوەندی و ئۆراسیا لێک گرێ بداتەوە. هەندێکەسی دیکە تا ئەو جێگایە ڕۆیشتوونە پێش کە هەندێک بەشی چین و مەنچووریش بە بەشێک لە ئیمپراتۆرییە وەهمییە دادەنێن. لەگەڵ ئەوەدا کە فۆرمولەی سەرەتایی هادسۆن زیاتر لایەنێکی ئەدەبی هەبوو، بەڵام دەستەبژێری فارس بەمەبەستی

20 Matin-Asgari, Afshin, (2020), “Intellectual Statesmen and the Making of Iran’s Illiberal Nation-State (1921–1926)”, in, Mapping the Role of Intellectuals in Iranian Modern and Contemporary History (Ed.), Ramin Jahanbegloo, Lexington.

21 Persianate Studies

22 Persianate World

23 Hodgson M (1974) The Venture of Islam: Conscience and History in a World Civilization. Chicago: University of Chicago Press.

24 Amanat, Abbas and Assef Asharaf (2018), The Persianate World: Rethinking a Shared Sphere, Brill.

بەرەوپێشبردنی پڕۆژەی سیاسی و ئیمپریالی خۆیان بەکاریان هێنا تا «ئێرانی کەلتووری» هاوسەنگی ئیمپراتۆریی گەورەی بەریتانیا و دەسەڵاتە گەورە کۆلۆنیاکیستییەکانی جیهان پێشان بدەن، تەنانەت گەر هەر لە ئاستی تۆریشدا بێت. «مانا کیا»[25] تەنانەت لەمەیش زیاتر دەمی هێناوەتە پێش و جیانی پارسی بە پانتایی «خودی پارس» داناوە و باس لە سووژە و ئاگامەندیی لە خودی فارسی یان بە واتایەکی دەروونناسی، خودی فارسی، دەکات، بێئەوەی کە باس لەوە بکات کە «خود» لە مانای بەکۆمەڵەکەیدا لەبنەڕەتدا چەمکێکی مۆدێرنە و بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ چەمکێکی پێش مۆدێرن بێت.

تێڕوانینی پێرسیانێت ستادیز لە ڕێگەی ئافراندنی جیانێکی وەهمیی زمانی، ڕەنگدانەوەی نۆستالۆژیی پڕایمۆردیالی بیرمەندە ناسیۆنالیستە ئێرانییەکانە کە تێگەیشتنەکەی لە شوناس تەنیا لەسەر بنەمای زمان و خوێندنەوە دڵخوازانەی ڕابردوویەکی دوور، لێڵ و ئۆستوورەیی داناوە. بۆ نموونە، حەمید دەباشی لە کتێبی «جیهانی مرۆڤگەرای ئەدەبی پارس»[26] زمانی فارسی بە نێوبژیوانی سەروومێژوویی زمان و ئەدەبی مرۆڤ دەناسێنێ کە لە جوگرافیای ئێران وەک ناوەندێکی وەرچەرخان سەری هەڵداوە و گەشە و نەشەی کردووە. نایل گرین[27] یەکێک لە لایەنگران و گەشەپێدەرانی ئەم تێڕوانینە، لە شیکردنەوەی زیاتری بۆچوونی دەباشیدا دەڵێ: «دەباشی کە بە جوگرافیای مۆدێرنی ئێران دەست پێدەکات و بە ئەنجام دەگات مێژووی جیهانی پارسی وەکوو غایەتێکی ناسیۆنالیستی دەبینێ» (لاپەڕەی ٦). جێگەی ئاماژەپێکردنە، گرین خۆی لە ڕۆژهەڵاتگەرە پارسگەراکانە، ناسیۆنالیزمی مێتۆدۆلۆژیکی ناسیۆنالیسزمە فارسەکانی پێ شتێکی ئاساییە و پاساوی بۆ دەهێنێتەوە.

تێڕوانینی پێرشیانێت (پارسگەرا) بۆ پێشکەش کردن و پڕوپاگەندەی وەها تێڕوانینێک تا ئەو جێگایە دەچێتە پێش کە بچووکترین ئاڵوگۆڕ و وەرگرتنی کەلتووریی پارسزمان و کەلتوورەکانی دیکەی پێ سیمبۆلێکی لەسەرتربوونی شوناس و کەلتووری پارسییە. بۆ نموونە، ئاڵوگۆڕی کەلتووری وەکوو خواردن، جلوبەرگ، بەهارات و شتی لەم چەشنە لە کلتوورەکانی ئاسیای ناوەند بەمانای چوونە ژێر کارتێکەریی ئەم کەلتوورانە لەلایەن کەلتووری فارسییەوە تەفسیر دەکرێ و بێ هیچ جۆرە سڵەمینەوەیەک لە ژێر ناوی «جیهانی پارس» پۆلێنبەندی دەکەن. ئەم نووسەرانە وەها لە نۆژەن کردنەوەی وەهمیی ئیمپراتۆریی فارس گلاون کە نە دەتوانن و نە دەیانهەوێ لەبارەی چواردە سەدە شارستانییەتیی ئیسلامی و زاڵ بوونی زمانی عەرەبی بەسەر هەموو ئاسیای ناوەند و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئێستا تا ئەورووپا و باکووری ئافریکا هیچ شتێک بڵێن. دەبێ ئاماژە بەوەیش بکرێ کە تاکوو ئێستاکەیش زمانی عەرەبی زمانی دین، شەریعەت و تەنانەت لە هەندێک لایەنەوە زمانی سیاسەت لە ئێرانی ئێستایشدایە، وەک ئەوەی کە بۆ ماوەی چواردە سەدە سیاسەت، کلتوور و زمان لە هەموو جوگرافیای بەناو ئێران بە تەواوی لە ژێر

25 Kia, Mana, (2020), Persianate Selves: Memories of Place and Origin Before Nationalism. Stanford, Calif: Stanford University Press.

26 Dabashi, Hamid (2012), The World of Persian Literary Humanism, Harvard University

27 Green, Nile, (2019), The Persianate World: The Frontiers of a Eurasian Lingua Franca, University of California Press.

دەسەڵاتی ئەواندا بوو. زاڵ بوونی زمانی عەرەبی لە ڕەهەندی ڕێنووس و زمان تا ئەو جێگایەیە کە بەبێ وشە عەرەبی‌یەکان، زمانی فارسی تووشی هەندێ گرفتی ڕیشەیی دەبێتەوە کە چارەسەرییان مومکین نییە. هەربۆیە، دەتوانین بپرسین کە پێگەی «جیهانی عەرەب»ی لەلای ئەم ناسیۆنالیستانە چۆنە و چ وەڵامێکیان بۆ ئەم گرفتە میتۆدۆلۆژیک و شی‌کاری‌یانە لە کارەکانیان‌دا هەیە؟ بەهەمان شێوە، زمان و کەلتووری تورکی کە بۆ ماوەی چەندین سەدە لەلایەن ئیمپڕاتۆریی عوسمانی گەشەی پێدرا چ شوێنێکی لەم ئیمپڕاتۆری‌یەتە وەهمی‌یەی فارسی‌دا هەیە؟  پێگەی کەلتوورە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ کە هەرکامێکیان مێژوو و زمانی تایبەت بۆخۆیان هەیە لە کوێی ئەم وێنا وەهمی‌یەدا دەگونجێندرێ؟ لە هەموو ئەمانەیش گرینگ‌تر، ئەم کارتۆگرافی و وشەداتاشینە لە بنەڕەت‌دا چ خزمەتێک بە فرەیی کلتووری دەکات؟

تێڕوانینی «پێرشیانت ورلد» هەرچەشنە فرەیی و جۆراوجۆریی کەلتووری لە جوگرافیای پان و بەرینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەند ڕەت دەکاتەوە. باش‌ترین نموونە بۆ تێگەیشتن لەم پرسە جوگرافیای کلتووری و زمانی ئێستای ئێرانە کە جوگرافیایەکە کلتوور و زمان‌گەلێکی فرەی وەک بەلووچی، تورکی، تورکمەنی، عەرەبی، کوردی، گیلەکی، لور، عەرەب، مازەنی و چەندین ئەتنیکی دیکە لەخۆ دەگرێ. ئەو ژمارە زۆرەی بەرگری زمانی و کەلتووری‌یەی کە لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا لە دژی ڕەوتی «تەفریس» ڕووی داوە باش‌ترین شایەتیی سرووشتی سەپاندن و نادڵخوازانەی ئەم شوناسە بەناو نەتەوەیی و هەمەکی‌یەیە. لەگەڵ ئەوەیش‌دا کە سەردەمێکی زۆر لە سەپاندنی زمانی فارسی و پڕۆژەی هاوچەشن کردنی کەلتووری بە یارمەتیی سوپای مۆدێرن و سیستەمی پەروەردەی سەپێندراو و سەرهەڵدانی سەیروسەمەرە و پشتیوانیی سەدان دامەزراوە و ناوەندی زانستگایی لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران تێدەپەڕێ، هێشتایش زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئێران بە زمانە نافارسی‌یەکان قسە دەکەن، و پێداگری لەسەر پاراستنی نەریتەکان، جلوبەرگ، ڕێوشوێن و دابونەریتی خۆیان دەکەن. سەرەڕای گوشارەکان و سنووردارێتی‌یە سیاسی و ئەمنی‌یەکان، بەرهەمە نووسراو و وەرگێڕدراوەکان بە زمانی کوردی پاش زمانی فارسی پلەی دووهەمی هەیە و لە نێو کەلتوورە نافارسەکانی دیکەیش‌دا هەندێ بزووتنەوەی بەرگری-کارانەی زمانی، کەلتووری و سیاسی ڕۆژبەڕۆژ لە گەشەسەندن‌دایە.

*****

سەرهەڵدانی گوتارەکانی ناسیۆنالیزمی زاڵ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕوانینی یەک‌چەشن‌گەرا و ئاسیمیلاسیۆنیی‌یەکەیان بۆ فرەیی کەلتووری و زمانی بەبێ بەرگری نەبووە. هەر لەسەر ئەم بنەمایە، بزووتنەوە سیاسی، کلتووری-زمانی‌یەکانی نەتەوە ژێردەست‌کراو و بەکەمینەکراوەکان مێژوویەکەی هێندەی مێژووی سەرهەڵدانی ئەم گوتارانە دووروودرێژە. خاڵی جێگەی ئاماژە ئەوەیە کە ناسیۆنالیزمە زاڵەکان جگە لە هەوڵە بێوچان و بەردەوامەکانیان بۆ هاوچەشن کردن و سڕینەوەی فرەیی‌یە کەلتووری و زمانی‌یەکان بەردەوام شکستیان خواردووە. لە ڕاستی‌دا، چاوخشاندنێکی تێپەڕ بە مێژووی هاوچەرخی ناوچەکە دەتوانێ

هۆکاری زۆربەی شەڕانگێزی و خوێنڕشتنەکانمان لە چوارچێوەی ئەم تێڕوانینە سیاسی، دەوڵەتگەرا و ئیستانداردانە بۆ بیاڤی کەلتوور و زمان تەتەڵە بکات و ڕاڤەی بکات. جیا لە بزووتنەوە بەرگریکاریيە سیاسیيەکان، ڕەوت و بەرگری کلتووری و کۆمەڵایەتییش لە دژی ئەم گوتارە ناسیۆنالیستیيە زاڵانە هەبووە؛ ڕەنگە بتوانین بڵێین بەرگریی زمانی گرینگترین ناوەندی ئەم بەرە کلتوور و کۆمەڵایەتیيەیە. لەم نێوەدا کوردەکان، وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت و بەکەمینەکراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەژێر هەڕەشەی ئاسیمیلاسیۆنی چوار دەوڵەتی مۆدێرنن، زیاترین و ڕێکخراوترین پەرچەکرداری سیاسی و کەلتووری/زمانیيان لە خۆیان پیشان داوە. بەرگریی زمانی لە ڕێگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە کەلتووری و زانستیيەکان، بزووتنەوەکانی ئەم دواییانە لە بواری ئەدەبیات و چیرۆکنووسی بەرچاوترین دەرکەوتەی ئەم بەرگریيە کەلتوورییەن.

لە درێژەی ئەم هەوڵانە بۆ بووژانەوە، فەرهەنگی وشەنووسی یەکێ لە گرینگترین بەرگریيە کەلتووری و زمانیيەکان بووە کە لە ماوەی یەک دوو دەیەی ڕابردوودا گرینگیيەکەی زیاتری پێدراوە. بەپێچەوانەی ڕەوتە ئەدەبیيە باوەکان، فەرهەنگی وشەنووسی کارکرد و کاریگەری زیاتری لەسەر پاراستنی زمانەکان و بەتایبەتی زمانە ژێرسوڵتەکان و ژێرهەڕەشەکان هەیە، چونکە پاشەکەوتێکی مەعریفی و مانایین بۆ زمان و ئاخێوەرەکانیان. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیشە کە زمان و کەلتوورە زاڵەکان فەرهەنگی وشەنووسی لە سەرووی پلان و سیاسەتەکانی گەشەپێدانی زمانیی خۆیان دادەنێن.

لەگەڵ ئەوەیشدا کە ژمارەیەک فەرهەنگی وشە و وشەدانی زۆر لە زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا نووسراون، فەرهەنگی زارەکیی سەلاح پایانیانی هەندێک تایبەتمەندیی کەموێنەی هەیە کە کردوویەتی بە خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی لە مێژووی ئەدەب و فەرهەنگی کوردی و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. تا ئێستا ١٠ بەرگ لەم فەرهەنگە تێروتەسەل و گەورەیە نووسراوە و بەرگی ئێستا بەرگی یازدەهەمە کە تایبەتە بە پیتی «ق». ئەم فەرهەنگە بەرهەمی مەعریفەی کەلتووری و زمانیی کەموێنەی سەلاح پایانیانیيە کە بەشێوەیەکی کەموێنە بەسەر زمانی کوردی و لەویش گرینگتر بەسەر هەموو بەستێنە کلتووری، مێژوویی و ماناییيەکانی هەرکام لە وشە نووسراوەکانی ناو وشەدانەکەدا زاڵە. مەعریفەی تێروتەسەل و فراوانی سەلاح پایانیانی توانای ئەو لە بەستێنمەندکردنی هەرکام لە مەدخەلەکان/ وشەکان، فەرهەنگی وشەی زارەکیی موکریانی لە ئاستی فەرهەنگێکی وشە فروانتر کردووە و گۆڕیویەتی بۆ ئینسایکلۆپێدیایەک یان کتێبێکی ڕێنوێنیی ڕەچەڵەکناسیی کەلتووری و زمانیی وشە کوردیيەکان. ئەو بە لێهاتوویەوە هەرکام لە وشەکانی نەک هەر لە گۆشەنیگای مانایی جۆراوجۆرەوە شی کردووەتەوە و لێیدەکۆڵێتەوە، بەڵکوو دەکارکردنشیان بە یارمەتیی نموونە و میناک لە کەلتووری گشتی، مێژووی زارەکی و بەستێنی قسەی ڕۆژانە شی دەکاتەوە؛ لێرەدا پایانیانی ڕۆڵی مرۆڤناسێک دەگێڕێ کە تێگەیشتنێکی قوڵ و هاوکات فرەڕەهەندی خۆی لەسەر زمانی کوردی هەم لەباری پێکهاتە و هەم لەباری کارکردی کەلتووری و زمانی-

یەوە پێشان دەدات. لەم بارەوە فەرهەنگی زارەکیی موکریان بەرهەمێکی نوێ، هەرمان و لە چەشنی خۆیدا بێوێنەیە لە بواری مرۆڤناسیی زمانیدا. پایانیانی تەنیا باسی ڕەچەڵەکناسیی وشەکان ناکات، بەڵکوو دەیهەوێ نەک هەر بەستێنی کلتووری و مانایی ئەم وشانە ڕوونتر بکاتەوە، بەڵکوو ماناکانیان لە بەستێنە جیاوازەکانیشدا لە ناو خودی کەلتووری کوردیدا باس بکات، لێرەدایە کە ڕەهەندی بەراوردکاری و تەنانەت بەجۆرێک نێوان کەلتووری پرۆژەکەی پایانیانی زیاتر خۆ دەنوێنێ و فەرهەنگەکەی زیاتر دەخاتە خانەی مرۆڤناسیی زمانیی بەراوردکاری و زمانناسیی بەراوردکاری. تێڕوانینێکی وەها فراوان، ورد و مێژوویی بۆ پێکهاتە و کارکردی وشەکان نەک هەر لە کۆمەڵگای کوردی بێوێنەیە، بگرە نموونەی هاوشێوەی کاری لەم چەشنە لە ڕێکخراوترین هەوڵە هاوشیوەکانی تەنانەت ناوەندە زانستی و زانستگەیی-یەکان کە لەلایەن حکومەتەوە پشتیوانیان لێ دەکرێ نابیندرێ. سەلاح پایانیانی بناغەیەکی وەها گەورە، بەهێز و بێ وێنەی بۆ زمانی کوردی، مرۆڤناسیی زمان و زمانناسیی کۆمەڵایەتی و کلتووریی لە کوردستان داناوە کە ئەم زمان و کەلتوورە لە هەرچەشنە ئەگەرێکی لەبیر کردن، یان نکۆڵی دەپارێزێ.